داهێنەری نۆتێلا کۆچی دوایی کرد

کیمیازانی ئیتاڵی فرانچیسکۆ ڤیڤیلا لە تەمەنی 97 ساڵیدا کۆچی دوایی کرد.

ڤیڤێلا بە ماوەی زیاتر لە چل ساڵ لەگەڵ کەمپانیای "فیرەرۆ" کاری کرد، لەوە ڕۆڵی سەرەکی هەبوو لە گەشەپێدانی چێندین بەرهەمی بەناوبانگی وەک "نوتێلا، تیک تاک و کیندەر"، وەک دەستە ڕاستی دامەزرێنەری کەمپانیاکە میشێل فیرەرۆ، ڕۆڵی سەرەکی هەبوو لە دروستکردن و هەڵبژاردنی ناوی نوتێلا.

ڤیڤیلا لە ساڵی 1952 لە تەمەنی بیست و پێنج ساڵیدا پێیوەندی بە کەمپانیای فیرەرۆ-وە کرد، لەوە دەستی کرد بە لەکۆینەوە لە کەرەستەی خاوی شوکلاتە کە بە دروستکردنی بەرهەمەکانی کەمپانیاکە بەکاردەهێنرێت، لەو کاتەدا، براندی کەمپانیای فیرەرۆ هەشتا لە ساڵەکانی سەرەتای دامەزراندنیدا بوو، لە شارۆچکەی بچووکی ئێلبا لە باکووری ئیتاڵیا بنکەی هەبوو.

پاش زیاتر لە ساڵێک لە کارکردن لەسەر پەرەپێدانی هەویری چوکلێتی گوێز، ڕیفیلا یەکەم پاکێتی کرەمی گوێز و کاکاوی لە ساڵی 1964 دروست کرد.

کاتێک پێکهاتبوو لە شەکر، زێیتی خورما، گوێز، شیر، کاکاو، لەسیتین و ڤانیلا، کە ناوبانگێکی زۆری بەدەستهێنا بوو کە ساڵانە پێنجی شوبات ئاهەنگ بە یادی درووستکردنی ئەو کاتا کاکاوە دەگێڕا.